((بۆ مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران))

((بۆ مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق))

هاوڕێیان ئێمەی کرێکار کاتێك لە بازاڕی بێ ڕەحمی سەرمایە ژیان بەسەر دەبەین بەری ڕەنجمان بەتالآن دەبرێ هەرکاتێك هەرکاتێك نائومێدی دامان گرێ بێ گومان چاومان دەبڕینەڕێنمایەکانی و ووشە بەنرخەکانی هاوڕێی خۆشەویستدەبووە ڕێگانیشان دەری ڕزگاریمان.

بەداخێکی زۆرەوە ڕۆژی هەینی ٢٠٠٢/٧/٥ کە لە ئیش گەڕامەوە قورسی کار جەستەمی داگرتبوو وەك جاران ویستم بچمە لای هاوڕێیانی هەڵسوڕاوی کرێکاری وەستا حسێن و وەستا مەهدی و وەستا نەوزاد.....هتد.

لە دورەوە هاوڕێیانم لا پەسەند نەبوو کە گەیشتمە لایان جیاواز لە جاران کە هەواڵی کارو خەباتیان پێ ڕادەگەیاندم ناخۆشترین هەواڵم گوێ لێ بوو ئەویش گیان لە دەستدانی ڕابەرو هاوڕێی خۆشەویستی هەموو چەوساوەکانی دونیا (مەنصور حیکمەت)بوو.

بەڕاستی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری خەسارەتێکی گەورەی کرد بۆیە غەم و پەژارەی خۆم و هەموو هاوڕێیانی کرێکار لەگەڵ ئێوە ئازیز ئاوێتەدەکەم سەری ڕێز بۆ خانەوادەو بەتایبەتی هاوسەری هاوڕێی خۆشەویست (ئازەری ماجدی) دادەنێم.

بەڵێن بەئێوەو جوانترین وەفا بۆ مەنصوری حیکمەت درێژەدان بەخەباتەکەی تاسەرکەوتنی یەکجاری.

مەرگ بۆ نیزامی سەرمایەداری

نەمری بۆ مەنصوری حیکمەت

عومەر عبدالله

کرێکاری بار هەڵگر